# كاریگەری تیۆری بەرپرسیاریێتی كۆمەڵایەتی لە بونیاتنانی ڕۆژنامەوانی بەرژەوەندیی گشتی

ارشد خليل اسعد[1] - نەزاكەت حسێن حمه سەعید[2]
ئاراز رمضان احمد[3]
[1]بەشی ڕاگەیاندن، كۆلێژی ئاداب، زانكۆی سەلاحەددین-هەولێر، هەولێر، هەرێمی كوردستان، عێراق.
[2]بەشی ڕاگەیاندن، كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەكان، زانكۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی كوردستان، عێراق.
[3]بەشی كارگێڕی، كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەكان، زانكۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی كوردستان، عێراق.

## پوختە:

ئەم تـوێـژینـەوەیە لەكـاریـگـەری تـیـۆری بەرپرسـیاریێتی كـۆمەڵایەتی دەكۆڵێتەوە لەبونیاتنانی ڕۆژنامەوانی بەرژەوەندی گشـتی كە فۆرمێكی نوێ و كاریگەرە لە ئێستادا و كاریگەری گرنگی لەسـەر بەرژەوەندی گشتی و چاكەی گشتی و خزمەتكردنی مرۆڤـایەتی هەیە، هەروەك چۆن توێژینـەوەكـە هەوڵێكی زانسـتییە بۆ زانینی تیۆری بەرپرسـیاریێتی كۆمـەڵایـەتی ڕاگـەیـانـدن و ڕادەی پـابـەنـدبونی دامەزراوەكانی، بە بەرپرســـیاریێتی كۆمەڵایەتی لە پێناو بونیاتنانی ڕۆژنامەوانی بەرژەوەندی گشتی.

ئەم توێژینەوە لە ڕەهەندە گرنگەكانی ڕۆژنامەوانی بــەرژەوەنـدی گشـــتـی دەكـۆڵـێـتەوە، لەوانە بەرپرســــیـاریێـتی كـۆمەڵایەتی و ئـیـتـیـك و پرۆفیشـــنـاڵبون، دواتریش كـاریگەری تیۆری بەرپـرســـیـاریێتی كۆمەڵایەتی لەبونیـاتنـانی ڕۆژنامەوانی بەرژەوەندیی گشتی.

ئامانجی سەرەكیی توێژینەوەكە خستنەڕوی ڕادەی پشـــت بەســـتنە بە بەرپرســـیاریێتی كۆمەڵایەتی و پەیوەندی و كاریگەری لە بونیاتنانی ڕۆژنامەوانی بەرژوەندی گشـــتی، زانینی ئاســـتی پەیڕەوكردنی بەرپرســـیاریێتی كۆمەڵایەتی و پەیوەندی و ڕۆڵی لەپێكەیـانـدنی ڕۆژنـامەنوســـی پرۆفیشـــنـاڵ بۆ بونیـاتنـانی ڕۆژنـامەوانی بەرژەوەنـدی گشـــتی، دەرخســـتنی ئاســـتی پەیڕەوكردنی بەرپرســـیاریێتی كۆمەڵایەتی و پەیوەنـدی و ڕۆڵی لەپەیڕەوكردنی بنەماكانی كاری ئیتیكی ڕۆژنامەوانی لە بونیاتنانی ڕۆژنامەوانی بەرژەوەندی گشتی.

دەرئەنجامەكانی ئەو توێژینەوەیە دەریخســـتوە، كە تیۆری بەرپرســـیـاریێتی كۆمەڵایەتی كـاریگەری ئەرێنی لەسەر بونیاتنانی ڕۆژنامەوانی بەرژەوەندی گشـــتی هەیە، هەروەك چۆن دەرئەنجـامەكـانی دەریانخستوە، كە تیۆری بەرپرسیاریێتی كۆمەڵایەتی تیۆرێكی چـاكســـازییـەو هێزی كـار لەڕوانگەی پرۆفێشـــناڵبون و پەیڕەوكردنی بنەما ئیتیكیەكانی كاری ڕاگەیاندن بە ڕۆژنامەنوســـان دەبەخشـــێت لەپێناو بەرژەوەندی گشـــتی. ئەم تیۆرە پێچەوانەی بە ها پۆزەتیڤەكان نییە، ئەو بە هایانەی ڕاگەیاندن بـانگەشـــەی بۆ دەكـات، لە پێنـاو قۆســـتنەوە و نزیككردنەوەی گەلانی دنیـا. ئەم تیۆرە پێیوایە سـەربەخۆیی ماف و ئەركە دەبێت كۆمەڵگە هەست بەم ئـازادییە بكـات، بە مـانـایەك كە دەبێـت دامەزراوەكانی ڕاگەیاندن هەست بە بەرپرسیاریێتی


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper21

پیشـــەیی و ئیتیكی و یاســـاییەكان بكەن لە بەرامبەر كۆمەڵگەدا.

**كلیلە وشـــەكان:** ڕۆژنامەوانی بەرژەوەندی گشـــتی، تیۆری بەرپرسیاریتی كۆمەڵایەتی، بونیاتنان، ئیتیك، ڕۆژنامەنوسی پرۆفێشناڵ.

**Article Info:**
**DOI: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper21**
**Received:** 18-September-2022
**Accepted:** 19-October-2022
**Published:** 29-March-2023
**Corresponding Author's E-mail:**
Arshad.asaad@su.edu.krd
Nazakat_72@yahoo.com
araz.ahmad85@uor.edu.krd
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
**Copyright**©2022 Journal of University of Raparin.

## ١. پیشەكی:

ئازادی و بەرپرســـیاریتی، بەرژەوەندی گشـــتیی ســـێ چەمكی تەواوكەری یەكترن، یان ڕاگەیاندن بەخراپ بەكارهێنانی ئازادی، خۆی دەبێتە هۆی پێشـــێلكردنی مافی گشـــتی و، دامەزراوەی دادوەریش بە هۆكاری بەرپرســـیاریتی، ئازادیی ڕاگەیاندن پێشـــێل دەكات، لەم توێژینەوە تیشـــك دەخرێتە ســـەر بواری ئازادی، بەرپرسیاریتی، ئیتیكی ڕاگەیاندن و پرۆفێشناڵبون و بارودۆخی ڕاگەیاندن

ڕۆژنامەوانی بەرژەوەندی گشتی، لەم مۆدێلەدا ڕادیۆ و تەلەفزیۆن نوێنەرایەتی پەخشـەكە دەكەن، ئەگەرچی لە میدیای چاپكراو و ئەلكترۆنیدا ئەم جۆرە لە میدیا دەبینرێت لەم ســـاڵانەی دواییدا (بی بی ســـی) و زۆرینەی مۆدیلی میدیای خزمەتگوزاری یاخود بەرژەوەندی گشتی، چونەتە ناو تۆڕەكانی ئینتەرنێتەوە، بەڵام لەڕابردودا پەخشـــــی دەزگاكانی ڕادیۆو تەلەفزیۆن نمونەی زیندوی ئەم مۆدێلە بون لە پەخش میدیایی، بۆیە زۆرینەی ســەرچاوەكانی وشــەی پەخشــی خزمەتگوزاری گشــتییان لە جێگەی خزمەتگوزاری یاخود بەرژەوەندی گشــتی بەكارهێناوە.

لە ئێســـتادا ڕاگەیاندن هێندە فراوان و گشـــتگیرە لە هەرێمی كوردســـتان، هیچ بابەتێك نەماوە دامەزراوەكانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنوســـــان لە كوردســـــتان ڕۆژانە نەیكەنە پرس و ڕای خۆیانی لەســــــەر دەرنەبڕن و كاری هەواڵ و ڕاپۆرت و لێكۆڵینەوەی بنكۆڵكاری لەسەر نەكەن. ئەم بەرفراوانییە، لایەنی ئەرێنی و نەرێنیی لێ دەكەوێتەوە، بۆیە ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان بەرەی ڕاگەیاندن و بەرەی دەســەڵات، بەرەی بەرژەوەندی گشــتی، ئەگەر بە یاســاو بنەما ئیتیكییەكان ڕێكنەخرێت

و پێڕەوی گونجاوی بۆ نەدۆزرێتەوە، لەوانەیە ئاکامە نەرێنییەکانی لەسەر حسابی جەماوەرو ڕۆژنامەوانی بەرژەوەندی گشتی تەواو ببێت. ئەگەر ڕاگەیاندن لە پێناو بونیاتنانی ڕۆژنامەوانی بەرژەوەندی گشتی کار بکات، لە ڕاستیدا لە خزمەت ڕاگرتنی باری سەقامگیریی کۆمەڵگەی سیاسیی خۆیدایە و دەبێتە سەکۆیەکی ئازاد بۆ دیالۆگی بونیادنەرانە، دیالۆگیش لەسەر پێنج پایە بەندە، کە ئەوانیش ئازادیش و ئیتیک و پرۆفیشنالی، ڕاستگۆیی و هوشیاریی، هەمو ئازادییەکان، لە نێویشیاندا ئازادی ڕۆژنامەوانی پێویستی بە گیانی بەرپرسیاریێتی هەیە، ئازادی و بەرپرسیاریێتی دو چەمکی تەواوکەری یەکترن، بەڵام ڕەنگە لای هەندێک کەس ئازادی بە مانای نابەرپرسیاریێتی ڕاڤەبکرێت، هەر کاتێک باس و خواس لەسەر سنورو پرەنسیپەکانی ئازادی بکرێت بە مانای سانسۆر لێکدەدرێتەوە. نەخوێندەواری میدیایی خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە جیاوازی لە نێوان (ئازادی و بەرپرسیارێتی و سانسۆر)دا نەکرێت، چونکە هەر یەک لەم چەمکانە لەدنیای زانستی میدیاییدا پێناسەی خۆی هەیە.

هەرچی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتیی ڕاگەیاندنە کۆمەڵێک ئەرکە کە ڕاگەیاندن پابەند دەکات بە ئەنجامدانیان لە بەرامبەر کۆمەڵگەدا، لە سەرجەم بوارەکانی وەک: سیاسی و ئابوری، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری و هتد... لە چارەسەرکردنی ئەو پرس و بوارانەدا بەهاکانی پیشەی ڕاگەیاندن وەک وردبون و بابەتیبون، هاوسەنگی، بەرپرسیارێتی، ئیتیکی ڕاگەیاندن و پرۆفێشناڵبون، ئازادی، بەرژەوەندی گشتی و گشتگیری پەیڕەو دەکات، بەو مەرجەی ئازادی ڕاستەقینە بۆ ڕاگەیاندن دەستەبەرکرابێت و بەرپرسیاربێت لەبەرامبەر کۆمەڵگەدا بۆ بونیاتنانی ڕۆژنامەوانی بەرژەوەندی گشتی.

کاتێک باسی ڕاگەیاندن دەکرێت، لەگەڵیدا باسی ئیتیکی ڕۆژنامەوانی دێتە ئاراوە. کاریگەری ڕاگەیاندن لە ئێستا هێندە گەورەیە ئەگەر یاسا و ئیتیکی خۆی نەبێت ئەوا کارەساتی مرۆیی دروستدەکات، چونکە خراپ بەکارهێنانی میدیا و ئازادی ڕۆژنامەوانی هەندێجار خۆی دەبێتە هۆی پێشێلکردنی مافی گشتی. زانا و شارەزایانی بواری ڕاگەیاندن لە پاش چەندین ساڵ کارکردن بۆ بەرقەراربونی ئازادی ڕۆژنامەوانی، گەیشتنە ئەو ڕاستییەی کە ئازادی ڕەهای ڕاگەیاندن زیان بە هاوولاتی دەگەیەنێت، بۆیە پاش لێکۆڵینەوە و توێژینەوەیەکی زۆر لە بوارەکەدا، تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی هاتە ناو بواری ڕاگەیاندنەوە.

چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوەکە: (کاریگەری تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لەبونیاتنانی ڕۆژنامەوانی بەرژەوەندیی گشتی لەهەرێمی کوردستان)، ئەم توێژینەوە لە چوارچێوەی تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی پراکتیزەکراوە، کە یەکێک لە تیۆرە گرنگ و بایەخدارەکانی ڕاگەیاندنە، توێژینەوەکەش بەسەر سێ تەوەر دابەشکراوە: تەوەری یەکەم، میتۆدنامەی توێژینەوەکە، کە
جۆرو میتۆدی توێژینەوەکە، ئامانجەکانی توێژینەوە، پرسیارەکانی توێژینەوەکە لەخۆدەگرێت.

تەوەری دوەمیش، دەروازەیەک بۆ تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی و مێژوی سەرهەڵدنی تیۆرەکە، پوختە و بنەما بنەڕەتییەکانی تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی، هۆکارەکانی سەرهەڵدانی تیۆرەکە، ئامانج و گریمانەی تیۆری بەرپرسیارێتی، گرنگترین ڕەگەزەکانی تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی، پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper21

تیۆری بەرپرسیاریتی کۆمەڵایەتی لەخۆدەگرێت و هەورەها: لە تەوەری سێیەم، گفتۆگۆکراوە لە بارەی تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی و بونیاتنانی ڕۆژنامەوانی بەرژەوەندی گشتی، ڕۆژنامەوانی بەرژەوەندی گشتی و پەیڕەوکردنی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی، کاریگەری تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لەسەر بابەتەکانی ڕۆژنامەوانی بەرژەوەندی گشتی، گرنگی تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لەسەر ڕۆژنامەوانی بەرژەوەندیی گشتی.

## ٢. جۆر و میتۆدی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی وەسفییە، کە تییدا بەشێوەیەکی وەسفی تیۆری، میتۆدی شیکاری بەکارهاتوە، ئەم میتۆدە گونجاوە بۆ بابەتی ئەم توێژینەوەیە بەو پێیەی یارمەتی توێژەر دەدات بۆ دیاریکردنی ئەو کاریگەریەی تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لەبونیاتنانی ڕۆژنامەوانی بەرژەوەندیی گشتی لەسەر ڕاگەیاندن دروستکردوە، ئەم توێژینەوە پشتی بە پێداچونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوتر (Liriture Review) بەستوە، بۆ شرۆڤەکردن و خستنەڕوی پاساوە زانستی و ئەرگیومێنتەکانی توێژەر کە بەمەبەستی دروستکردنی دەروازەیەکی تیۆرییە بۆ توێژینەوەیەکی فراوانتر، بە جێبەجێکردنی تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی بە بونیاتنانی ڕۆژنامەوانی بەرژەوەندی گشتی، ڕۆڵی لەپەیڕەوکردنی بنەماکانی کاری ئیتیکی ڕۆژنامەوانی لەبونیاتنانی ڕۆژنامەوانی بەرژەوەندی گشتی، بۆ دیاریکردنی ئاست و جۆری ئەو کاریگەرییەی بەو هۆیەوە بۆ بونیاتنانی ڕۆژنامەوانی بەرژەوەندی گشتی و جەماوەر دروستیکردوە.

## ٣. ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

- خستنەڕوی ئاستی پشتبەستن بەبەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی و ڕۆڵی لەبونیادنانی ڕۆژنامەوانی بەرژوەندی گشتی.
- زانینی ئاستی پەیڕەوکردنی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی و ڕۆڵی لەپێگەیاندنی ڕۆژنامەنوسی پرۆفیشناڵ بۆ بونیاتنانی ڕۆژنامەوانی بەرژەوەندی گشتی.
- دەرخستنی ئاستی پەیڕەوکردنی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی و ڕۆڵی لەپەیڕەوکردنی بنەماکانی ئیتیکی ڕۆژنامەوانی لەبونیاتنانی ڕۆژنامەوانی بەرژەوەندی گشتی.

## ٤. پرسیارەکانی توێژینەوەکە:

**بە مەبەستی زیاتر خستەڕو و ڕونکردنەوەی کێشەی توێژینەوەکە، ئەم پرسیانە دەخەینەڕو:**

- تاچەند ئاستی پشتبەستن بە بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی پەیوەندی و ڕۆڵی هەیە بەبونیاتنانی ڕۆژنامەوانی بەرژوەندی گشتی؟



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper21

- ئایا ئاستی پەیڕەوکردنی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی پەیوەندی و ڕۆڵی هەیە لەپێگەیاندنی ڕۆژنامەنوسی پرۆفیشناڵ بۆ بونیاتنانی ڕۆژنامەوانی بەرژەوەندی گشتی؟
- ئایا ئاستی پەیڕەوکردنی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی پەیوەندی و ڕۆڵی هەیە لەپەیڕەوکردنی بنەماکانی کاری ئیتیکی ڕۆژنامەوانی لەبونیاتنانی ڕۆژنامەوانی بەرژەوەندی گشتی؟

## ٥. تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی ڕاگەیاندن:

مەبەست لە بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی، بەشداریی دامەزراوەکانە لە گەشەپێدان و پێشخستنی ئەو کۆمەڵگەیەی کە کاری تێدا دەکەن، بەشێوەیەکی ڕون و بەردەوام، یان بریتییە لەو هەمو بڕیار و چالاکییانەی دەبنە هۆی بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگە و دابینکردنی خۆشگوزەرانی بۆی، وەک ئامانجێکی سەرەکی دیاریکراو.

ئەو پسپۆڕ و شارەزایانەی ویستویانە چەمکی تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لە زادەی بیری خۆیان بخەنەڕو و پێناسەی بۆ بکەن، زۆرن؛ لێرەدا ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین بۆ ئەوەی زیاتر لە تیۆرو توێژینەوەکە تێبگەین.

مێلیساندی میدلتۆن پێیوایە لەتیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتیدا: دامەزراوەکە پراکتیزێکی پرۆسەی میدیایی؛ پێویستە لە چوارچێوەی ئازادییەکاندا بێت کە لەسەر بنەمای بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی دامەزرابێت، لێرەدا کۆمەڵێک یاساو ڕێسا دەرکەوتن، بەجۆرێک ڕایگشتی بوە چاودێر بەسەر ئەتەکێتی پێشەکە، بەتایبەتی خراپ مامەڵەکردن بە چەمکی ئازادی (Middleton,2019,p14).

(محمد منير حجاب) کە پسپۆڕێکی بواری ڕاگەیاندنە پێیوایە: "بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی ڕاگەیاندن، بریتییە لە گرنگیدان بە بەرژەوەندی گشتیی و داخوازی و پێداویستییەکانی کۆمەڵگە و کارکردن بۆ خوشگوزەرانی، لە ڕێگەی ئەرکەکانی ڕاگەیاندنەوە لە چوارچێوەی ڕەوشتی ڕاگەیاندندا، وەک: وردبینی و دادپەروەری، ڕەچاوکردنی دابونەریت، ڕەوشتی کۆمەڵگە لە پێناو بونیاتنانی ڕۆژنامەوانی بەرژوەندی گشتی. (حجاب،٢٠٠٢، ل٣٦).

## ٦- دەروازەیەک بۆ تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی:

لە دەستپێکدا وا دەردەکەوێت کە ئەو ڕەخنانەی لە سایەی فەلسەفەی ئازادیدا ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ڕوبەڕوی بونەوە، وایکرد تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی بێتە ئاراوەو گەشە بکات، لە ڕاستیشدا ئەوە تاڕادەیەک دروستە، لەبەرئەوەی ئەوەی توانای ئەوەی نەبو فەلسەفەیەکی تەواو بێنێتە بەرهەم، کە چەندین هۆکاریتر لەگەڵیدا سەرکەوتو بون و بەهۆیەوە بیردۆزێکی نوێ سەری هەڵدا، مەزەندە دەکرێ کە بزوێنەری کارا بۆ داڕوخانی هەندێک وتەی فەلسەفییانەی ڕاگەیاندنی ئازادی، وایکرد بانگەوازەکان بۆ دۆزینەوەی بیردۆزو فەلسەفەیەکی نوێ ببێتە داخوازییەکی هەنوکەیی و پێویست و ئەوەش ئەو گۆڕانە بو کە توشی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی ئازادی بو، بەوپێیەی بەشێک بو لیی، تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی بە تیۆرێکی سەربەخۆ دادەنرێت، دەکرێ بە نەوەی تیۆری سەربەخۆیی دابنرێ، چونکە توانی شکۆیەک بۆ مرۆڤ بگەڕێنێتەوە و


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper21

بارودۆخێکی بۆ برەخســـێنێت، تا هەســـت بە ئازادی بکات. تاڕادەیەک لە قۆناغی یەکەمدا مرۆڤی لە کۆتوبەند ڕزگارکرد، تاوەکو بگاتە زانیاری ڕاست و دروست بەبێ ئەوەی پشت بە دەوروبەری ببەستی (الخطاب ،٢٠١٢، ل٢٠٢).

لە پێداچونەوە بە تیۆری ڕزگاربون و ئازادیی مرۆڤ، ئەوە ڕوندەبێتەوە کە پێویســتە لایەنی گەشــبینی بەســەر ژیانی مرۆڤدا زاڵبێت، لە پێناو ئەوەی مرۆڤ توشی بێزاری و تەمبەڵی نەبێت، بەڵکو هەڵبستێتەوە و گۆڕانکاری بکـات و بەرەنگـاری ئەو ژیـانە بێتەوە کە تێیدایە، لە لایەکی دیکـەوە ڕاگەیـانـدن بۆ بەدیهێنـانی خەونەکـانی تێدەکۆشێت، بۆیە دەتوانرێ بگوترێت کە مرۆڤی تەمبەڵ قوربانی دەستی سیستەمی زوڵم و ستەم نییە، بەڵکو بەرلەوە قوربانی دەسەلاتێکی گەورەترو دەوڵەتێکی بەهێزترە (النذیر ،٢٠١٧، ل٦١).

ئەم گۆڕانکارییە هزرییانە کە گواســـتنەوەی بۆ فەلســـەفەی ڕاگەیاندنی ئازادی کارێک بو هەر دەبو ببوایە، هاوشـــانی چەندین هۆکاریتر، وایانکرد هەمواركردنی فەلســـەفەی ڕاگەیاندنی ئازادی، کارێکی حەتمی بێت، ســـەرباری ئەوەی چەندین هۆکاریتر یارمەتیدەربون بۆ هەمواركردنی فەلســـەفەی ڕاگەیاندن و کارێکی زۆر پێویستیش بێت وەک ئەوانەی خوارەوە: (ولیام ١٩٧٥، ل١١٠-١١١).

- زیادکردنی هێزی کاریگەریی ڕۆژنامەوانی وەکو دەرئەنجامێک بۆ پەرەسەندنی تەکنەلۆژیا.
- ســـەرهەڵدان و دەرکەوتنی ئامرازە نوێیەکانی ڕاگەیاندن وەکو ڕادیۆ، تەلەفزیۆن و ســـینەما، کە کارایی و کاریگەریی گەورەیان هەبو، وایانکرد پێویســـتی بۆ دانانی بەرزەفتکاری و بەرپرســـیارێتی ئەو ئامرازانە کارێکی پێویست بێت.

## ٧- مێژوی سەرهەڵدنی تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەلایەتی:

وێڕای ئەو هەمو هەنگاوانە کە لەناو ئامرازەکانی ڕاگەیاندندا ســـەرچاوەیان گرت، هەنگاوی کارابون لە پێناوی گەیشـــتن بەبیرۆکەی ڕاگـەیـانـدنی نوێ، تیۆری بـەرپرســـیـارێتی کۆمـەلایـەتی وەک کـاردانـەوەیـەک بو، بۆ دەرهاوێشـــتە خراپەکانی تیۆری ئازادی، بەلام ئەم بیرۆکەیە لە شـــێوەیەکی فەلســـەفیانەی نوێ و تەواوی ڕۆژنامەوانیدا ڕێکنەخرا. سـەرهەڵدانی تیۆری (بەرپرسـیارێتیی کۆمەلایەتی) دەگەڕێتەوە بۆ دوای کۆتایی دوەم جەنگی جیهانی لە ساڵی ١٩٤٧، کاتێک ڕاپۆرتێک لەلایەن (لیژنەی ئازادیی ڕۆژنامەوانییەوە) دەرچو. ئەو لیژنەیە لە دوانزدە ئەندام پێکدەهات و زۆربەیان ئەکادیمی بون و، لەلایەن پرۆفیســـۆر "ڕۆبێرت هوگنز" ڕاوێژکاری زانکۆی شـــیکاگۆ، ســـەرۆکایەتیی دەکرا، بە پاڵپشـــتیی دارایی گۆڤاری (تایم)ی ئەمەریکی و ئینســـایکلۆپیدیای بەریتانی، لەوێدا لیژنەکە بیردۆزی بەرپرسـیارێتی کۆمەلایەتیی لە کتێبێکدا داڕشـت بە ناونیشـانی "ڕۆژنامەوانی ئازادو بەرپرسیار" بڵاوکرایەوەو ڕاپۆرتی خۆی لەو بارەیەوە پێشکەشکرد(Quail ,1987, p111-112) .

بانگهێشـــتی لیژنەکە بۆ ڕاگەیاندنێکی ئازا و بەرپرســـیار بو، کە دەنگدانەوەی لە ناوەوەو دەرەوەی ئەمەریکا ولاتانی ئەورووپاش لێکەوتەوە، لە ســـەروویانەوە بەریتانیا کە لە ســـاڵی ١٩٤٩دا، لیژنەی شـــاهانەیی یەکەمین


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper21

لیژنەی ڕاگەیاندنی پێکهێناو داوای پابەندبونی کارمەندانی بواری ڕاگەیاندنی دەکرد بە بەرپرسیاریێتیە کۆمەڵاتییەکانیان و پێکهێنانی ئەنجومەنی ڕاگەیاندن.

لە لێکۆڵینەوەیەکی تری (یولیام هۆکنگ) یەکێک لە ئەندامە دیارەکانی لیژنەکە بە ناونیشانی (ئازادیی ڕۆژنامەوانی چوارچێوەی پرەنسیپیانە)، کە ڕاپۆرتی لیژنەکە بو، دەمودەست لەلایەن زۆربەی ڕۆژنامەکانەوە ڕەخنەی لێگیرا، هەواڵسازان و پەخشکاران بەوە باسی ڕاپۆرتەکەیان کرد کە نوسراوێکی فەرمیی کۆتوبەندی حکومەتە بۆ سەر ڕۆژنامەوانی (هتچستر،١٩٩٠، ل٤٩-٥٠).

ئینگلیزیش بەشداریی لە دارِشتنی فەلسەفە نوێیەکەدا کرد، ئەوەش لە میانی ئەو ڕاپۆرتانەی کە "لیژنەی پادشایی بەریتانی بۆ کاروباری ڕۆژنامەوانی" ئامادەی کردبون، ئەو لیژنەیەی کە بانگهێشتی کاروباری ڕۆژنامەوانی کرابو، ناوەناوە بۆ ئەم مەبەستە کۆدەبونەوە، شتێکی سروشتیش بو کە ناوی بیردۆزی بەرپرسیاریێتی کۆمەڵایەتیی لێبنێن، کە ئەمەریکی و ئینگلیزەکان بەشدارییان لە پێکهێنانی برگەکانیدا کردو ناونرا "بیردۆزی ئەنگلۆئەمەریکی، ئەم فەلسەفەیەش لەلایەن زۆربەی ئەوانەی کاری ڕاگەیاندنیان دەکرد ڕەتکرایەوە، بەڵام لەلایەنی ئەکادیمیەوە بەشێوەیەکی بەرفراوان پەسەندکرا، نەک تەنها لەلایەن توێژەرانی ڕاگەیاندنی ڕۆژئاوایی، بەڵکو لەلایەن توێژەرانی عەرەبیش (عبداللطیف، ١٩٦٥،ل١٣٥).

## ٨- پوختەو بنەما بنەڕەتییەکان تیۆری بەرپرسیاریێتی کۆمەڵایەتی:

تۆماس ماکڤیل پسپۆری بواری تیۆرەکانی ڕاگەیاندن بەم شێوەیە باس لە پوختە و بنەماکانی تیۆری بەرپرسیاریێتی کۆمەڵایەتیی ڕاگەیاندن دەکات: (عجیلات ،٢٠١٢، ل١٨-١٩).

١- گرنگی لە بەشداربونی کۆی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە چەندین ڕێوشوێنی دیاریکراوی کۆمەڵگەدا.

٢- جێبەجێکردنی ئەو ڕێوشوێنانە لەلایەن ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە، لەڕێی ڕێزگرتنی بەها پیشەییەکانیەوە.

٣- پەیوەستبونی بە (ڕاستگۆیی و وردەبینی، بابەتیبون و هاوسەنگی)یەوە لە گواستنەوەی زانیاری.

٤- دەستپێشخەریی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە خۆڕێکخستنەوەدا.

٥- فەرامۆشکردنی کۆی پشتگیرییەکان، کار لە تەشەنەکردنی تاوانکاری و زەبروزەنگ و شپرزەیی کۆمەڵایەتی دەکات.

٦- ڕێگریکردن لە ئاڕاستەکردنی ڕەفتاری سوکایەتیکردن بە پێکهاتە نەتەوەی و ئایینییەکان.

٧- ڕێزگرتن لە فرەیی و ڕەچاوکردنی جیاوازی بۆچونەکان لە پەیامەکانیاندا و دابینکردنی مافی وەڵامدانەوە.

٨- پەیرەویکردنی بەها باڵاکان لە بەجێگەیاندنی چالاکییەکاندا، لەلایەن ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper21

لەلایەکی ترەوە ماکڤیل بەم شێوەیە بنەما سەرەکییەکانی تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی کورت دەکاتەوە (سالح ،٢٠١٢، ل ١٠٤).

١- پێویستە دەزگەکانی ڕاگەیاندن بەئامراز جیاوازەکانیانەوە بەرپرسیارێتی تایبەت بە پابەندییەکانی کۆمەڵگە لە ئەستۆبگرن.

٢- دەتوانرێت ئەم پابەندبونانە بکرێتە پێوەر بۆ گواستنەوەی زانیارییە دروستەکان، هاوسەنگبون بە ئامانجی گواستنەوەی زانیارییەکان بەشێوەیەکی بابەتی، لەو ڕوانگەیەوە کە ڕاگەیاندن ئامرازی بونیاتنانە نەک وێرانکردن.

٣- دەبێت جێبەجێکردنی ئەم پابەندبونانە یەکەمجار ڕاگەیاندن ڕێکبخاتەوە و پێویستە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن کار بۆ ڕێکخستنی خۆیان بکەن.

٤- ڕاگەیاندن دوربکەوێتەوە لە بڵاوکردنەوەی ئەو بابەتانەی دەبنە هۆی دروستبونی تاوانکاری و توندوتیژی و ئاژاوەی کۆمەڵایەتی (عبدالله، ٢٠٠٦، ص٩٨).

٥-ڕاگەیاندن هەمەچەشن بێت، ڕەنگدانەوەی لەسەر هەمو بیروبۆچونەکان هەبێت، ئەم تیۆرەییە ڕاگەیاندن پابەند دەکات بە گرتنەبەری فرەدەنگی و فرەڕەنگی و پشتیوانیکردن لە مافی وەڵامدانەوە.

٦-مافی کۆمەڵگەیە ڕاگەیاندن لەسەر چەند پێوەرێک بە ئەرکە بنەڕەتییەکانیەوە لەچوارچێوەی پێوەر پیشەیی و ئیتیکیەکاندا پابەندبکات، بۆیە دەبێت دەستێوەردان لەلایەن دەزگەکانی ڕاگەیاندنەوە بە بەڵگەوە بێت، ئەمەش لەپێناو بەرژەوەندی گشتی.

٧-تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی، ڕەخنەگرتن بەشێوەیەکی بونیاتنەرانە بە ئەرکی ڕاگەیاندن دەزانێت و بڵاوکردنەوەی ئامانجەکانی کۆمەڵگە و دابونەریت و بەهاکانی بە ئەرکی سەرەکی ڕاگەیاندن لە قەڵەم دەدات (صلوي، ٢٠١٨، ل١٨).

٨-تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی ڕاگەیاندن، پێدانی هەواڵ و زانیاری لە چوارچێوەی ئاسایشی نیشتمانی و نەتەوەیی وڵاتان بە ئەرکی ڕاگەیاندن دەزانێت.

٩-مافی بەدەستهێنانی زانیاری بە تاک بدرێت و زانیارییەکان نەشاردرێنەوە و بڵاوبکرێنەوە، هەروەها ڕاگەیاندنەکان دوربکەونەوە لە زانیاری ناڕاست و چەواشەکارانە.

## ٩- هۆکارەکانی سەرهەڵدانی تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی:

تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لە ئەنجامی ئەو پێکدادانە هاتە ئاراوە کە لە نێوان بانگەشەکارانی سەربەخۆیی سنوردارو ڕەها و سەربەخۆیی کۆت و بەندا ڕویدا، ئەم پێکدادانە گەیشتە حاڵەتی لەناوچونی هزری و ڕاگەیاندن، ئەنجامیش ئەوە بو لەم نێوەندەدا سەربەخۆیی ڕەهابونی نییە (حجاب ،٢٠٠٢، ل٣٨).


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper21

- **هۆکاری فکری**: شـکسـتهێنانی تیۆری لیبراڵی لە جێبەجێکردنی ئامانجەکانی لە بەرامبەر کۆمەڵگەدا، بوە هۆکاری بەهێزی سەرهەڵدانی بیرۆکەی تیۆری بەرپرسیاریتی کۆمەلایەتی ڕاگەیاندن.
- **هۆکاری ئابوری**: کۆمپانیا و گروپە ئابورییە گەورەکان ڕاگەیاندنیان کردە ئامرازی جێبەجێکردنی ئامانجە ئابورییەکانیان و پشتیان لە بەرژەوەندی گشتی کرد.
- **هۆکاری ڕێکخراویی**: دەرکەوتنی یەکێتییە پیشـەییەکان، بوە هۆی ڕێکخسـتنی پیشـەی ڕۆژنامەوانی و دەرچونی بنەمەکانی ڕۆژنامەوانی لە سـاڵی ١٩٢٣دا، دواتر بەڵێننامەی ڕۆژنامەوانی سـینەمایی سـاڵی ١٩٣٠ و پاشان بەڵێننامەی ڕادیۆکان ساڵی ١٩٣٧.
- **هۆکاری ئیتیکی**: سـەرهەڵدانی (ڕۆژنامەگەری زەرد)(*)و پاشـەکشـەی ڕاگەیاندن لە ئەرکی ڕاسـتەقینەی خۆی، بوە هۆی دەرکەوتنی ئاراسـتەیەکی ئیتیکی لە ڕۆژنامەگەریدا کە بانگەشـەی بۆ پابەندبونی ڕۆژنامەکان و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە بنەما و بەهاکانی ڕاگەیاندنەوە دەکرد.

**فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی تیۆرییەکە:**

بەپێی سـەرچاوە زانسـتییەکان و لێکۆڵینەوەکان، گرنگترین فاکتەرەکانی سـەرهەڵدانی تیۆری بەرپرسـیاریتی کۆمەلایەتی ئەمانەی خوارەوە بون: (بدر ١٩٨٢، ل٢٥٠).

- ئەو گۆڕانکاریانەی لەسەر تەکنەلۆژیای پەیوەندی گەلان و پیشەسازی هاتە کایەوە، کاری کردە سەر شاکارەکانی ژیانی ڕۆژئاوا و کاریگەریشی هەبو لەسەر ئەرکەکانی ڕاگەیاندن.
- ئەو ڕەخنانەی بەردەوام لە ڕۆژنامەوانی و هۆیەکانی ڕاگەیاندن دەگیران ببونە کارتی فشـار بۆ سـەر حکومەتەکان، لە بەرامبەردا دروسـتکردنی بەربەسـت بۆ سـەر ڕاگەیاندن، بەتایبەتی دوای ئەوەی قۆرخکارییەکانی سـەر ڕۆژنامەوانی زیادبون، فراوانتربون و ئیتر گرنگی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەوانی لەبرەودا بو.
- کەشـی هزری نوێ: لەم ڕێگەیەوە هەندێک لە بیرمەندان باسـیان لە گومانەکانیان دەکرد، سـەبارەت بە ئەرکە بنەڕەتییەکانی تیۆری سەربەخۆیی.
- هاتنە کایەی یاسـای پیشـەیی ڕۆژنامەوانی، بەتایبەتی دوای تێکۆشـانێکی زۆر لەلایەن پسـپۆڕان و لێکۆڵەران لەسەر ئاستی باڵای پیشەکە.

## ١٠- ئامانج و گریمانەی تیۆری بەرپرسیاریتی کۆمەلایەتی:

تیۆری بەرپرسیاریتی کۆمەلایەتی لەسەر بنەمای کۆمەڵێک ئامانج و گریمانە دروستبو، گرنگترین ئامانجەکانی تیۆرەکە ئەمانەی خوارەوەن:

- ئامانجی تیۆری بەرپرسـیاریتی کۆمەلایەتی هاوکات لەگەڵ ئامانجە کۆمەڵاتییەکانی دیکە، بریتییە لە دەسـتکەوتنی زانیاری بۆ هاوولاتیان و لە هەمانکاتیشـدا ڕێگرنییە لە پێشـکەشـکردنی خزمەتگوزاری کاتبەسەربردن و دەستکەوتی قازانجی ماددی (جەبار ،٢٠٢٠، ل٣٤).


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper21

- دانانی کۆمەڵێک پرەنسیپی ئیتیکی بۆ ڕۆژنامەوانان و ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان کاری ڕۆژنامەوانی و بەرپرسیاریتی کۆمەڵایەتی بو لە کۆمەڵگادا (بريدي ،٢٠٠٠، ل٥٠).
- بەرزکردنەوەی ئاستی بەریەککەوتنە لە کاتی گفتوگۆکردنی بابەتیانەی دور لە هەڵچون.
- هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی بەرژەوەندی لە نێوان ڕۆژنامەوانی و پابەندبونە کۆمەڵایەتییەکان.
- ئامانجێکی دیکەی ئەم تیۆرە بۆ خۆشگوزەرانی و دەستکەوتنی قازانجە، ئەمە سەرەڕای ئامانجە کۆمەڵایەتییەکانی.
- ئامانجێکی دیکەی ئەم تیۆرە بریتییە لە دابینکردنی سەلامەتی بۆ کۆمەڵگەو ئەو بابەتانە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی قەدەغە دەکات، کە هاندانن بۆ تاوانکردن.

## ١١- گرنگترین ڕەگەزەکانی تیۆری بەرپرسیاریتی کۆمەڵایەتی:

لێرە گرنگترین ڕەگەزەکانی تیۆری بەرپرسیاریتی کۆمەڵایەتی بە سێ خاڵ دەخەینەڕو: (غريب، ٢٠٢١، ل١١).

- گرنگیدان بە سۆزو خۆشەویستی و پەیوەندی تاک و ڕۆژنامەنوس بە کۆمەڵ و کۆمەڵگەکەیەوە لە هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکان.
- تێگەیشتن: واتە تێگەیشتن لە بەها و دابونەریت و سیستەمەکەی و ئاگاداربون لە مێژو، لەگەڵ هۆکارە خودی و بابەتییەکان، هاوکات تێگەیشتن لە هەڵسوکەوت و ڕەفتاری تاکەکان و تێگەیشتن لە ئامانجە خوازراو و هەوڵەکانیان بۆ بەدەستهێنان و تێگەیشتن لە دەرئەنجام و شوێنەوارەکانی.
- بەشداریکردن: هاووڵاتیان بەشداری کارا بن لە چالاکییە هەمەجۆرەکاندا و ڕۆڵەکانیان لەسەر بنەمان گونجان و پسپۆری پێبدرێت (عبد، ٢٠٠٧، ل١١).

## ١٢- ئەرکە ڕۆژنامەوانییەکان لە تیۆری بەرپرسیاریتی کۆمەڵایەتی:

لە ڕاپۆرتی لیژنەی ئازادی ڕۆژنامەوانیدا لە ساڵی ١٩٤٧، هاتوە کە دەبێت پیشەسازی ڕاگەیاندن لە ویلایەتە یەکگرتوەکاندا، لەلایەن کەرتی تایبەتەوە بەڕێوەببرێت و بەرژەوەندیی گشتیی بەهەندوەربگیرێت، لیژنەکە کۆمەڵێ تێڕامانی سەبارەت بە ئەرکە ڕۆژنامەوانییەکان لە کۆمەڵگەی هاوچەرخدا لەخۆگرتبو و پێیوابو دەبێت ڕۆژنامەوانیی ئەم ئەرکانەی خوارەوە ڕاپەڕێنێت (بورهان ،٢٠١٢، ل١٤١):

- پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی (ڕاستگۆیانە، گشتگیر، زیرەکانە) لەبارەی ڕوداوەکانی ڕۆژەوە.
- ڕاگەیاندن سەکۆیەک بێت بۆ ئاڵوگۆڕکردنی لێدوان و ڕەخنەکان.
- ڕاگەیاندن وێنەیەک لەبارەی گروپە هەمەڕەنگەکانی کۆمەڵگەوە پێشکەش بکات.
- ڕاگەیاندن ئەرکی خستنەڕو و ڕونکردنەوەی ئامانجەکانی کۆمەڵگە و بەهاکانیانە.
- ڕاگەیاندن زانیاریی تەواو لەبارەی ئەو شتانەوە کۆبکاتەوە کە ڕۆژانە ڕودەدەن.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper21

بەو پێیە ئازادیی ڕۆژنامەوانی بابەخێکی سـەرەکی لە کۆمەڵگەدا هەیە، لە هەمانکاتدا کۆمەڵێک ئەرکی دەکەوێتە ئەسـتۆی ڕۆژنامەنوسـان، کە پێویسـتە بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگە جێبەجێیان بکات و کرۆکی سـەرەکی تیۆرەکەش "دروسـتکردنی جۆرە هامەهەنگییەک بو، لە نێوان هەرسـێ بنەمای ئازادی تاکەکەسـی، ئازادی ڕاگەیاندن و ئەرکەکانی ڕاگەیاندن لە هەمبەر کۆمەڵگادا."

بەپێی ئەم تیۆرە سیاسەتی ڕاگەیاندن لە کۆمەڵگادا پێویستە لەگەڵ بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتیدا هاوڕەوت بێت، واتە ڕاگەیاندن لەو سـاتەدا کە ئەرکی گەیاندنی زانیاری و کات بەسـەربردن و فێرکارییە، بەرپرسـیارێتی ئەوەیان دەکەوێتە ئەستۆ کە ئازادی مافێکە بۆ خزمەتی کۆمەڵگە.

لە ئەنجامی تێڕوانینی ئەم تیۆرە، ئەنجومەنی ڕۆژنامەوانی لە ئەمریکا و بەریتانیا دێتە ئاراوە و گرنگترین ئەرکەکانی ئەم ئەنجومەنە بریتین لە: (همزة، ١٩٩٢، ل١٠٥-١٠٦).

- سەرکۆنەکردنی ئەو کارە ڕۆژنامەوانیانەی لە کاری ڕەسەنی ڕۆژنامەوانیدا لادەدەن.
- لێکۆڵینەوە لەو سـکاڵایانەی جەماوەر دژی ڕۆژنامەوانی و دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەیکەن، کاتێک ئەم دەزگەیانە هێرشـی نارەوا بکەنە سـەر تاک و کۆمەڵ و دامەزراوەکان، لە کاتێکدا هیچ کەس نەبێت کە داکۆکیان لێبکات، ئەرکی ئەنجومەنە داکۆکیکەر بێت.
- پشتگیریکردنی ئەو ڕۆژنامەوانانەی بێبەریبونیان دەسەلمێندرێت لەو تاوانانەی ڕوبەڕویان دەبنەوە.
- بەرپەرچدانەوەی ئەو سـکاڵایانەی بێبەڵگەن دژی ڕۆژنامەوانان و نایسـەلمێنن کە ڕۆژنامەوانەکە تاوانبارە.

## ١٣- پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی:

دینیس ماکوێل پرەنسـیپە بنەڕەتییەکانی تیۆری بەرپرسـیارێتی کۆمەڵایەتی، لەم لایەنانەدا پوختدەکاتەوە: (بورهان ،٢٠١٢، ل١٤٢).

- ڕۆژنامەوانیی نوسـراو و ناوەندەکانی دیکەی ڕاگەیاندن، دەبێت بەرانبەر کۆمەڵگە پابەند و جێبەجێکار بن.
- دەکرێ ئەم پابەندبونە لە پێوەرە پیشـەییەکانەوە بۆ گواسـتنەوەی زانیارییەکان ڕەنگبداتەوە، وەک (ڕاستی، وردبینی، بابەتیبون، هاوسەنگی) جێبەجێ بکرێت.
- دەبێت ڕۆژنامەوانی بۆ جێبەجێکردنی ئەم پابەندبونە خۆی ڕێکبخاتەوە.
- ڕۆژنامەوانی دوربکەوێتەوە لە بڵاوکردنەوەی ئەو بابەتانەی تاوان و توندوتیژی و ئاژاوەی کۆمەڵاتییان لێدەکەوێتەوە، یان هەر سوکایەتییەک ئاڕاستەی کەمینەکان بکەن.
- دەبێت ڕۆژنامەوانی فرەڕەنگ و ڕەنگدانەوەی ڕای جیاواز بێت و پابەندی مافی وەڵامدانەوە بێت.
- کۆمەڵگە مافێکی بەسـەر ڕۆژنامەوانییەوە هەیە، بەوەی لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیدا پابەندی پێوەرە باڵاکان بێت.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper21

• دەکرێت دەستتێوەردانی گشتی، پاساوێک بێت بۆ جێبەجێکردنی بەرژەوەندیی گشتی.

تێبینیش دەکرێت؛ ئەو تیۆرە هەندێ چارەسەری خستوەتەڕو، کە خۆیان لە ڕێکخستنی پیشەی ڕۆژنامەوانیدا لەڕێی دەرچواندنی بەڵگەنامەکانی ناوبانگی پیشەییدا بۆ پارێزگاریکردن لە ئازادیی نوسینی ڕۆژنامەوانی و پەیڕەویکردنی ڕۆژنامەوانیدا دەبینێتەوە، سەرباری دەرچواندنی یاسایەک بۆ سنوردارکردنی پاوانخوازیی و دامەزراندنی ئەنجومەنەکانی ڕۆژنامەوانی و دامەزراندنی سیستمێک بۆ کۆمەککردنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن.

## ١٤- تایبەتمەندییەکانی سانسۆر لە تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی:

فێن ڕونی دەکاتەوە کە سانسۆر لە تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی بەم شێوەیە خوارەوە دیاریکراوە: (Fenn ,1978, p25-26).

١- ڕاگەیاندن دەبێت کۆمەڵێک ئەرکی وەک (ڕاستبێژی، بابەتیبون، خزمەتخواز)ی بەرانبەر کۆمەڵگە لەئەستۆبگرێت، سانسۆریش بخرێتە سەر بوارەکە بۆ ڕێگەگرتن لە پەیامی توندوتیژی و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ.

٢- دەبێ ڕاگەیاندن ئاوێنەی ڕوداوەکانی کۆمەڵگە بێت، بەڵام سانسۆر دەخرێتە سەر بوارەکە لە پێناو پاراستنی مافەکانی کۆمەڵگە و بەرژوەندیی گشتی.

پوختەی ئەم تیۆرە دەیەوێت؛ بواری بڵاوکردنەوە ئازاد و کراوە بێ، بەبێ سانسۆری پێشوەختە و هەمو کەس و لایەنێک بەبێ ئەوەی مۆڵەتی ئەوەیان پێبدرێت، ڕەخنەی لە حکومەت بگرن (بريدي ،٢٠٠٠، ل٤٩).

لەو ڕەهەندەیشەوە پشتیوانی لە ئازادیی ڕاگەیاندن دەکات، تا لە پێناو پاراستنی سەربەخۆیی دارایی ڕاگەیاندنەکان هەوڵ بدات، ئەمەش بە مەبەستی ڕێگەگرتن لە پیادەکردنی فشاری لایەنە تایبەتەکان.

ڕاگرتنی هاوسەنگی نێوان هەردو چەمکی (ئازادی و بەرپرسیارێتی) لە تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتیدا، گوزارشتێکە لەو ڕاستیە؛ ئەگەر ئێمە لە تەک سێ دەسەڵاتەکەی (یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری)دا نازناوی دەسەڵاتی چوارەم بە ڕاگەیاندن ببەخشین، پێویستە وەک ئەو سێ دەسەڵاتە ئەرکی بکەوێتە ئەستۆ، تا ڕاگەیاندن بۆ خزمەتی کۆمەڵگە بێت نەک هەرەشە. لەم سونگەیەشەوە دەبێ ئاشنا بین بە **گرنگترین تایبەتمەندییەکانی تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی**، کە بریتین لەوانەی خوارەوە:

گرینگترین تایبەتمەندەکانی تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لەمانەی خوارەوە پێکهاتوە: (Fredrick S. Siebert ,1956, p84)

- بێلایەنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەرامبەر بەحکومەت و مەسەلە ناکۆکەکان لەسەر ئاستی کۆمەڵگە.
- هەمەچەشنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەشێوەیەک ڕەنگدانەوەی لەسەر بیروبۆچونی کۆمەڵگە دەبێت. دەزگاکانی ڕاگەیاندن بابەتیانەن نەک خودیانە.
- ئیدانەکردنی کاری ڕۆژنامەوانی لەڕێلادەر.
- پابەندبون بەلایەنی ئیتیک، بۆ ئەوەی هاوسەنگی لە نێوان سەربەخۆیی تاک و بەرژەوەندی کۆمەڵگە ڕابگرێت. (بريدي،٢٠٠٠، ص٥١).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper21

- دورکەوتنەوە لەو بابەتانەی هانی تاوانکاری دەدەن.
- پاراستنی سیستمی سیاسی.
- ڕۆژنامەوانان بەرپرسیاربن بەرانبەر کۆمەڵگە.
- خزمەتکردنی چالاکی ئابوری و زیادکردنی پشکی بەشداری نیشتمانی لە کایەی ئابوری.
- پێشکەشکردنی بەرنامەکانی ژیان و خۆشگوزەرانی.

## ١٥- ئازادی و بەرپرسیارێتی لە تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتیدا:

دینیس ماکوێڵ، دانەری ئەم تیۆرییە دەڵێت: "پێویستە ڕۆژنامەنوس هەندێ سانسۆری خودی قبوڵ بکات، لە پێناو بەرژەوەندیی جەماوەردا و جەختیش لەسەر ئیتیکی ڕۆژنامەوانی دەکاتەوە و دەڵێت: هەمو ئەو بابەتانەی کە ڕێگەخۆشکەرن، یان دەبنە هۆی توندوتیژیی و تاوان و تێکدانی بارودۆخی خەڵکی، پێویستە میدیا لێیان دوربکەوێتەوە.

تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لە سەدەی ٢٠دا سەریهەڵداوە و مشتومڕەکەی بەرپرسیارێتی لەسەر ئەوەیە؛ ڕۆژنامەوانی لەبەرامبەر جەماوەردا قەرزباری ئەرکێکە، هەر کاتێکیش لە بەرامبەر ئەم ئەرکەیدا کەمتەرخەمیی نواند، یاخود فەرامۆشیکرد، دەبێ ڕۆژنامەوانیی لە بەرانبەر ئەو ڕەفتارەیدا بوەستێنرێت و لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکرێت (عەلی ،٢٠٠٤،ل٤٩). ئەم تیۆرە باوەڕی بە ئازادی ڕەها نییە، هەر بۆیە چەند بەربەستێکیان بۆ داناوە و وەها لە ئازادی دەڕوانێت کە "ماف و ئەرکی تاکەکەشە و یاساو بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتییە."

بەدانانی سنوربەندییەک لە نێوان ئازادی و بەرپرسیاریەتی کۆمەڵاتیدا، ئەو بنەمایە دەچەسپێت، کە ئازادییش هاوشێوەی دەرکەوتە هزرییەکانی دیکەی مرۆڤایەتی، سنورێکی دیاریکراوی هەیە، ئەم سنورەش بەپێی قۆناغی سەردەم و جیاوازیی پێگەی جوگرافییەکان، گۆڕانی بەسەردادێت. دیارترین خاڵ کە ئەم تیۆرەی کردبێتە جێی بایەخی خۆی، ئەوەیە کە ئازادی و بەرپرسیارێتی دو ڕوی دراوێکن؛ ئازادیی هەمو کەس لە وێدا کۆتایی دێت، کە ئازادیی کۆمەڵ دەستپێدەکات، لەم سۆنگەیەشەوە ئازادیی ڕۆژنامەوانی، مافی کۆمەڵگەیە بەگشتی، نەک تاکە کەسێک، هەروەها مەرجێکی ئیتیکی پیشەیی ڕۆژنامەوانیشە کە جەخت لە ڕاستیی پەیامەکان بکرێتەوە و وەرگر بە زانیاری و هەواڵ و بابەت و ڕاپۆرت و لێکۆڵینەوەی هەڵەو بێ بنەما چەواشە نەکرێن، چونکە " کاریگەریی هەواڵی درۆ لە خۆراکی ئێکسپایەر زیانبەخشترە" (حەسەن ،١٩٩٩، ل٢٦).

## ١٦- گرنگی تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لەسەر ڕۆژنامەوانی بەرژەوەندیی گشتی:

گرنگە میدیا و میدیاکاران و لە کرۆکی مانای (بەرپرسیارێتی و ئیتیکی و پرۆفیشناڵی) باشتر وردبنەوە، لێرە سیماکانی بەرپرسیارێتی لە ڕۆژنامەوانی بەرژەوەندی گشتی و لە چەند خاڵێکدا دەخرێنەڕو (الاسدی،٢٠١٩، ل١٤).

- بەرپرسیارێتی ئەم تیۆرە لەمیانی پابەندبون بەزیادکردنی زانیاری و ڕاستییەکان بۆ جەماوەر.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper21

- بەرپرسیاریێتی ئەم تیۆرە لە بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی مرۆڤە کە تیۆری ئازادی بانگەشەی بۆ دەکات.
- سەربەخۆبون پێویستە ببێتە ماف و ئەرک و بەرپرسیاریێتی لە یەک کاتدا، بەپێی تیۆری ئازادی ململانێی بیروبۆچونەکان ڕاستی بەدیدەهێنێت، بەڵام دەستەبەری گفتوگۆی کراوە هیچ شتێکی لێنایەتە کایەوە.
- باسکردنی ڕوداوەکان و ڕاستییەکان و پێویستە ڕۆژنامەوانی بەرژوەندی گشتی شتی ناڕاست باس نەکات و دەبێت درۆ و ڕاستی لە یەک جیابکاتەوە بۆ بەرژەوەندیی گشتی.
- لەوە گرنگتر ئەوەیە دەبێت ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری ڕوماڵی تایبەت بۆ ڕوداوەکان بکات، بۆ دەستکەوتنی نزیکترین گۆڕانکاری بۆ بەرژەوەندیی گشتی.
- پەرەپێدانی ورد لە ڕێگای ڕۆژنامەوانی بەرژوەندی گشتی بۆ هەمو چین و توێژەکانی ناو کۆمەڵگە.
- لەبەرچاوگرتنی نمونەی باڵای کۆمەڵگە لەیەک ڕووەوە، چونکە هەر لادانێک لە ڕاستی ڕوداوەکان خزمەت بە کۆمەڵگە و ڕۆژنامەوانی بەرژەوەندیی گشتی ناگەیەنێت.
- پارێزگاریکردن لە سیستمی سیاسی لە ڕێگەی کارکردن بەشێوازی ڕۆژنامەوانی بەرژوەندی گشتی بۆ وەرگرتنی بۆچونی گشتی و لەلایەکی دیکەوە پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندیی تاک و کۆمەڵ و پەرەسەندن و هاندانی پیشەسازی نیشتمانی و ئابوری وڵات و هۆیەکانی خۆشگوزەرانی و بەدواداچون بۆ گلەیی و گازندەکانی هاووڵاتیان و لەبەرامبەریشدا پشتگوێخستن و لەناوبردنی ئەو شتانەی کە زیان بە ناووناوبانگی کۆمەڵگە دەگەیەنێت (الحدیدي، ٢٠٠٩، ل٤١).

## ١٧-کاریگەری تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لەسەر بابەتەکانی ڕۆژنامەوانی بەرژەوەندی گشتی:

لە ڕۆژنامەوانیی بەرژەوەندیی گشتیدا، دەبێت هەمیشە جۆری بابەتەکانی ڕۆژنامەوانی بکەوێتە پێش لایەنی چەندێتییەوە، ئەویش لە ڕێگەی کارکردن بە سێ بنەمای سەرەکی کاری ڕۆژنامەوانی، (بەرپرسیارێتی و ئێتیکی و پرۆفیشناڵی) دەبێت بەڕونی ئەمانە لە کاری دامەزراوەکانی ڕاگەیاندنی ڕۆژنامەنوسان ڕەنگبدەنەوە (فروانة، ٢٠١٨، ل٣٣-٣٤).

- ڕەچاوکردنی ڕاستی و دروستی لە خستنەڕوی هەواڵ و زانیارییەکاندا، لە کاری ڕۆژنامەوانیی بەرژەوەندیی گشتی.
- وردی لە پێشکەشکردنی داتاو زانیارییەکاندا لە ڕێگەی کاری ڕۆژنامەوانیی بەرژەوەندی.
- بێلایەنی و سەربەخۆی پیشەیی لە نمایشکردنی بۆچون و تێڕوانینەکاندا لە شێوازی کاری ڕۆژنامەوانیی بەرژەوەندیی گشتی.
- ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان گۆشەنیگا جیاوازەکان و ڕەخساندنی هەلی یەکسان لەبەردەم ئاراستە جیاوازەکاندا، لەکاتی بونیاتنانی ڕۆژنامەوانی بەرژەوەندیی گشتی.
- خۆبەدورگرتن لە بڕیادانی پێشوەخت و لەبەرچاوگرتنی بابەتیبون لە خستنەڕوی زانیاری و بۆچونەکاندا، بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی گشتی.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper21

- بەجێهێنانی ئەركی چاودێری بابەتییانەو هەنگاونان بەرەو (دەسەڵاتی چوارەم)، ئەویش بە ڕێگەی چاودیكردن سێ دەسەڵاتەكەی دەوڵەت و كایە جیاوازەكانی كۆمەڵەوە، بۆ بونیاتنانی ڕۆژنامەوانیی بەرژەوەندیی گشتی.
- هەواڵدان بۆ دروستكردنی پەیوەندیی پتەوی هاوبەرپرسیارێتی لە نێوان تاك و گروپەكانی كۆمەڵ و ڕۆژنامەوانیی بەرژوەندیی گشتی.
- كاركردن لەسەر بەرژەوەندی گشتی و خزمەتكردنی هاونیشتمانیان و دۆزە گرنگەكانی تاك و كۆمەڵ لە ڕێگەی كارەكانی ڕاگەیاندنی بنكۆڵكارییەوە.
- ڕۆژنامەوانی بەرژەوەندیی گشتی گرنگە، چونكە دەبێتە هۆی دورخستنەوەی هەر زیان و مەترسییەك لەسەر ژیان و پانتایی و سیستمی گشتی و ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتمانی و ئاشتیی كۆمەڵایەتی.
- قوڵكردنەوەی گیانی هاونیشتمانیبون لە ڕێگەی ڕۆژنامەوانی بەرژەوەندی گشتی.
- ڕەچاوكردنی لایەنی مرۆیی لە كاتی كاری ڕۆژنامەوانی بەرژوەندی گشتی، دوركەوتنەوە: لە تۆمەت و ناوزڕاندن، پشێوی و ئاژاوە، هاندن بۆ تاوان، توندڕەوی، توندوتیژی، دەمارگیری، ڕەگەزپەرستی و جیاكاری. (توخم، زمان و ڕەچەڵەك، نەتەوە، ئاینی، ئاینزا، بیروباوەڕی ئایدۆلۆژی و سیاسی)، لە كۆمەڵگەكاندا لە ڕێگەی ڕۆژنامەوانی بەرژەوەندی گشتی (حسونة، ٢٠١٥، ل٢٠).

## ١٨- ڕۆژنامەوانی بەرژەوەندی گشتی و پەیڕەوكردنی بەرپرسیارێتی كۆمەڵایەتی:

ڕۆژنامەوانی بەرژەوەندی گشتی و پەیڕەوكردنی بەرپرسیارێتی كۆمەڵایەتی و ئازادی دوڕوی دراوێكن ناكرێ لە نەبونی یەكێكیاندا باس لەوی دیكەیان بكرێت (ئەیڤەس، ٢٠٠٩، ل١٥٦).
(دێنی ئەلیۆت) ڕۆژنامەوانی بەرژەوەندی گشتی و پەیڕەوكردنی بەرپرسیارێتی كۆمەڵایەتی بەم جۆرەی خوارەوە دابەشدەكات: (الدين، ٢٠٠٢، ص٦٤)

- بەرپرسیارێتی ڕۆژنامەنوس بەرامبەر كۆمەڵگە كە ئەمەش چڕدەبێتەوە لە بەخشینی زانیاریی بە هاووڵاتیان و پاراستنی تاكەكان لە سوكایەتی و زیان پێگەیاندن.
- بەرپرسیارێتی ڕۆژنامەنوس بەرامبەر كۆمەڵگەی خۆجێیی، ئەویش بە پەیڕەوكردنی سیاسەتێكی هاوسەنگ لە نێوان خواستی خاوەن كاری ڕۆژنامەوانی بەرژەوەندی گشتی و پێداویستیەكانی خوێنەراندا.
- بەرپرسیارێتی ڕۆژنامەنوس بەرامبەر ئاكار و ویژدانی خۆی، بەو مانایەی كە ناكرێت ڕۆژنامەنوس بەهانە بۆ كارە خراپەكانی بێنێتەوە بەوەی كە بڵێت: سەرنوسەر فرمانی پێكردم یاخود بڵێت هەمو ڕۆژنامەنوسان وادەكەن.

هەر لەم پێودانگەوە (دینی ئەلیوت و لویس هۆدجەر) بەرپرسیارێتی ڕۆژنامەنوس و ڕۆژنامەوانی بەرژەوەندی گشتی بەسەر سێ خاڵ بواردا دابەشدەكەن: (كلود، ٢٠٠٨، ل١٩)


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper21

- ئەرک و ڕۆڵی کۆمەڵایەتی ڕۆژنامەنوس.
- ئەو پێوەرانەی دەبێ ڕۆژنامەنوس لە جێبەجێکردنی ئەرکە و کۆمەڵایەتیەکانیدا پابەندیان بێت.
- بۆ پابەندبون بەو پێوەرانەوە دەبێ چ جۆرە ڕەفتارێک پەیڕەو بکات و خۆی لە چ جۆرە ڕەفتارێک بپارێزێت، واتە ئەو بەها پیشەییانە چین کە دەبێ پابەندیان بێت.

وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا و خاڵبەندمان کرد، ڕۆژنامەنوس کۆمەڵە ئەرکێکی کۆمەڵایەتی لە ئەستۆیە، ئەم ئەرکە لە چوارچێوەی تێڕوانینی ئەم دو زانایەدا بەم جۆرەی خوارەوە خاڵبەند کراوە: (Andrew Belsey ,1992, p4).

- ئەرکی سیاسی کە بریتییە لە ئاگادارکردنەوەی خەڵک لەکاروبارەکانی حکومەت و وەزیرەکان و سیاسیەکانی دیکە واتە ئەرکی چاودێریکردنی ئەدائی حکومەت.
- ئەرکی ڕۆشنبیریی بە واتا ڕەخساندنی دەرفەت بۆ دەربڕین و ئاڵوگۆڕی بیروڕا بۆ هەموان.
- دابینکردن و گواستنەوەی زانیاری دروست و هاوسەنگ و بێ کەم و زیاد بۆ خەڵک.
- ئەرکی ڕیکلامی و بازاڕگەری و ناساندنی خەڵک بە شمەک و خزمەتگوزارییەکان.
- ئەرکی مێژویی لەڕێی بە دۆکیۆمێنتکردنی ڕوداو و پێشهاتەکان.

## ١٩- تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی بونیاتنانی ڕۆژنامەوانی بەرژەوەندی گشتی:

تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی ڕاگەیاندن، پابەندبونی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندنەکان، بە بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لە پێناو بونیاتنانی ڕۆژنامەوانی بەرژەوەندی گشتی.

ئەو شرۆڤە زانستیانەی لە چوارچێوەیی تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی گەڵاڵەکراون، لەبارەی بەرپرسیارێتی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەسەر تاک و کۆمەڵ و یەکە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەدا، بە تایبەتی لەکاتی تەنگژەو ململانێ و گۆڕانکارییدا، دەروازەیەکی گونجاون لەگەڵ بابەت و ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە.

ئەم تیۆرە تیۆرێکی چاکسازییە و هێزی کار لە ڕوانگەی پرۆفیشناڵ بون و پەیڕەوکردنی بنەما ئیتیکیەکانی کاری ڕاگەیاندن بە ڕۆژنامەنوسان دەبەخشێت. ئەم تیۆرە پێچەوانەی بەها پۆزەتیڤەکان نییە، ئەو بەهایانەی ڕاگەیاندن بانگەشەی بۆ دەکات، لە پێناو قۆستنەوە و نزیککردنەوەی گەلانی دنیا، یاخود ئەو بەهایانەی داوای سەربەخۆیی و کۆتاییهێنان بە جەنگ (جەنگی سارد) دەکەن، ئەم تیۆرە پێیوایە سەربەخۆیی ماف و ئەرک و دەبێت کۆمەڵگە هەست بەم ئازادییە بکات، بە مانایەک کە دەبێت دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن هەست بە بەرپرسیارەتی پیشەیی و ئیتیکی و یاساییەکان بکەن لە بەرامبەر کۆمەڵگەدا.

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە سود لە گریمانەکانی تیۆرەکە وەربگیرێت بۆ داڕشتنی ئامانج و گریمانە و پرسیارەکانی توێژینەوەکە، لەپێناو دەستنیشانکردنی ڕادەی بەرپرسیارێتی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن بەرانبەر بە کۆمەڵگە و ناوەڕۆکی پەیامە میدیاییەکانیان بۆ جەماوەر، بۆ سودی بەرژەوەندیی گشتی و بونیاتنانی ڕۆژنامەوانی بەرژەوەندی، لە توێژینەوەکەدا گریمانەی سەرەکی تیۆرەکە جێبەجێکراوە لەسەر هەردو بەشی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper21

تیۆری و پراکتیکی توێژینەوەکەدا و کۆی دیزاینی پراکتیکی توێژینەوەکە لەسەر بنەمای گریمانەی سەرەکی تیۆرەکە دیزاینکراوە.

هەروەها لە توێژینەوەکەدا ئاستی بەرپرسیارێتی و ئیتیک و پرۆفیشنالّی لەڕوانگەی گریمانەکانی تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لە توێژینەوەکەدا تیشکیان خراوەتە سەر و کەڵکیان لێوەرگیراوە بۆ جێبەجێکردنی تیۆرەکە لەم توێژینەوەیەدا، هەروەها لەڕێی شیکاری تیۆرییەوە کە پرسیارەکان لەسەر بنەمای گریمانەکانی توێژینەوەکە و گریمانەی تیۆرەکە داڕێژراون بۆ پێوانەکردنی ئاستی بەرپرسیارێتی لەو بابەتەی بەرژەوەندی گشتییەکان، بەتایبەتی کاریگەریی لەسەر بونیاتنانی ڕۆژنامەوانی بەرژوەندیی گشتی. (Fredrick S. Siebert ,1956, p84)

## 20- دەرەنجام و پێشنیازەکان:

- بەپێی ئەم دەرئەنجامانەی توێژینەوەکە پێیگەیشتوە لەدوای لێتوێژینەوەو بەکارهێنانی سەرچاوەی زانستی و گەڕانەوە بۆ بنەماو گریمانەو پرەنسیپەکانی تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی، دەرکەوتوە کە تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی تیۆرێکی چاکسازییە و هێزی کار لەڕوانگەی پرۆفێشنالّبون و پەیڕەوکردنی بنەما ئیتیکەکانی کاری ڕاگەیاندن بە ڕۆژنامەنوسان دەبەخشێت لەمەودای کارکردنیان بۆ پاراستن و پەیڕەوکردنی بنەماکانی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵگەکاندا.
- توێژینەوەکە بەم دەرەنجامە گەیشتوە، کە تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی کاریگەری ئەرێنی هەیە لەسەر بنیاتنانی ڕۆژنامەوانی بەرژەوەندی گشتی لەوڵاتاندا، بەفاکتەری ئەوەی پەیڕەوکردنی گریمانەو پرەنسیپەکانی تیۆرەکە وا لەڕۆژنامەنوسان دەکات بەپرۆفێشنالّی کارەکانیان بکەن و پەیڕەو ئیتیک و بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی بکەن و لەپێناو چاکەو بەرژەوەندی گشتی کاربکەن.
- تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی پێچەوانەی بەها پۆزەتیڤەکان نییە، ئەو بەهایانەی ڕاگەیاندن بانگەشەی بۆ دەکات، لەپێناو قۆستنەوەو نزیککردنەوەی گەلانی دنیا، یاخود ئەو بەهایانەی داوای سەربەخۆیی و کۆتاییهێنان بەجەنگ (جەنگی سارد) دەکەن، ئەوەش بنەمایەکی گرنگی تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتییە بۆ دروستکردنی کاریگەری لەسەر بنیاتنانی ڕۆژنامەوانی بەرژەوەندی گشتی لەوڵاتاندا بۆ بەرژەوەندی و چاکەی گشتی گەلان و بونیاتنانی ئاشتی و کۆتاییهێنان بەجەنگ.
- ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەریانخستوە کە سەربەخۆیی ماف و ئەرکە دەبێت کۆمەڵگە هەست بەم ئازادییە بکات، بەمانایەک کە دەبێت دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن هەست بەبەرپرسیارەێتی پیشەیی و ئیتیکی و یاساییەکان بکەن لەبەرامبەر کۆمەڵگەداو لەپێناو بەرژەوەندی گشتی بەپەیڕەوکردنی بنەما ئیتیکی و یاساییەکان کاربکەن و پەیام ئاڕاستەی جەماوەر بکەن بۆ دروستکردنی کاریگەریی پۆزەتیڤ لەسەر کۆمەڵگە.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper21

## پێشنیازەکان:

١- پێویستە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن پابەند بە بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی ڕاگەیاندن بن.

٢- پێویستە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنوسان، پێورە پیشەییەکانی میدیا وەک (ڕاستگۆیی، بابەتیبون، هاوسەنگی و وردبینی) ڕەچاوبکەن.

٣- دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن پێویستە ئاوێنە و ڕەنگدانەوەی جیاوازی ڕاوبۆچونەکان و ڕێزگرتن لە فرەییەکان بن.

٤- پێویستە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بەریەککەوتن بۆ ئاستی گفتۆگۆی بابەتییانە کاربکەن.

٥- پێویستە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنوسان، بۆ بەهێزکردنی بنەمایی یەکێتی نەتەوەیی و دورکەوتنەوەی لە بنەمای ناکۆکی و لێکترازان کاری جدی بکەن لە پەیامەکانیان.

6- پێویستە توێژەرانی کورد لەبواری ڕاگەیاندن، کاری ئەکادیمی تری هاوشێوە ئەنجامبدەن.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper21

# The Effect of the Social Responsibility Theory in forming Public Interest Journalism

**Arshad Khaleel Asaad[1] - Nazakat Hussein Hama Saeed[2] - Araz Ramazan Ahmad[3]**

[1] Department of Media, College of Arts, Salahaddin University-Erbil, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

[2] Department of Media, College of Humanities, Sulaimani University, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

[3] Department of Administration, College of Humanities, Raparin University, Rania, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract:

This research focuses on the theory of social responsibility in forming public interest journalism which is currently considered to be a new and effective form of journalism, it has a predominant impact on public interest, common welfare, and serving humanity. This research is a scientific endeavor to understand the social responsibility theory of the media, and to what extent media organizations adhere to this responsibility, to create public interest journalism.

The research highlights the important aspects of public interest journalism, including social responsibility, ethics, and professionalism, in addition to the role of investigative journalism in forming public interest journalism.

The research aims to show the level of reliance on social responsibility, its relation, and its influence in forming public interest journalism. It identifies to what extent adherence to social responsibility, and its association, contributes to raising and instructing professional journalists to build public interest journalism. Moreover, illustrates to what degree social responsibility results in complying with the principles of work ethics in creating public interest journalism.

The results of this study have shown that the theory of social responsibility has a positive impact on Furthermore, the results indicate that theory of social responsibility is a theory of reform and gives journalists the ability to work in terms of professionalism and to follow the ethical principles of media work to serve the public interest. This theory is not opposed to the positive values of societies, the values the media promulgates for is for bringing the world's nations closer, or the values that demand independence and an end to war (Cold War). This



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper21**

theory believes in the independence of rights and duties of the society and according to, the principles of this theory society should feel this freedom. This means that media institutions should be professional, and ethical, and show legal responsibility towards society.

**Keywords:** Public Interest Journalism, Social Responsibility Theory, forming, Ethics, Professional Journalists.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper21**

## سەرچاوەكان:


بورهان، م،(2012 ) لەبارەی ڕاگەیاندنەوە. سلێمانی: بڵاوكراوەی خانەی چاپ و بڵاوكردنەوەی چوارچرا زنجیرەی 344.

جەبار، د .ش، (2020) میدیای سیاسی .سلێمانی : چاپخانەی كارۆ.

حسێن، ف .س .(2012) .چوار تیۆرەكەی ڕاگەیاندن .هەولێر: چاپخانەی ڕون.

عـــارف، ئ. ئ. (2021 حـــوزەیـــران 11)..rozhnamawany. Retrieved 11 21, 2021, from http://www.rozhnamawany.com/?p=3063

عەلی ,ج .(2004 ) چەمكەكانی ڕۆژنامەگەری. سلێمانی :گ. ڕایەن ژمارە11.

غریب، پ .ص .(2021) .وانەی تیۆرەكانی ڕاگەیاندن –قۆناغی دوەم. هەولێر :زانكۆی سـەلاحەدین، كۆلێژی ئاداب، بەشـی ڕاگەیاندن.

مەجید سالح، (2006) بنەما تیۆرییەكانی ڕای گشتی و ڕاگەیاندن .سلێمانی، :بڵاوكراوەكانی مەكتەبی بیرو هۆشیاری (ی،ن،ك).

ئەیڤەس، شوان ئادەم، (٢٠٠٩)، ئیتیك و ئیتیكی ڕۆژنامەوانی, گۆڤاری سەردەمی ڕەخنە. سلێمانی: ژمارە(٣).

اخطاب، م .ا .(2012) .بسام مشاقبة .

الاسدی، (2019) الاصول النظريات والمجالات البحثية. مطبعة اراء وأفكار :بيروت.

الجردی، د ع .(1980) .مقدمة الاتصال بالجماهير .الامارات :مكتبة الامارات.

الحديدي، د .د .(2009) .فنون الاتصال و الاعلام المتخصص .القاهرة :القاهرة مصر :(الدار المصرية اللبنانية).

العتيبي، م .ف .(2012,) .الأعلام البيي في دولة الكويت ,الهيئة العامة للبيئة انموذآ .الكويت: رسـالة الماجسـتير غير منشـورة، قسـم الاعلام /كلية الاعلام ,جامعة الشرق الأوسط.

النذير، د ع، (2017) ابستمولوجيا علوم الاعلام و الاتصال .دار الآديب.

امين، ا .(2015) .مبادىء و انظريات الاعلام، نظريات المسؤولية الاجتماعي'الاعلامية .ماس كومنكشن.

بدر، د، (1982) الاتصال بالجماهير ما بين الاعلا و الدعاية و التنمية. الكويت :دار المطبوعات.

بريدي، د، (2000 )حرية الصحافة .دمشق :الطبعة الاولى.

حجاب، أ .م، (2002) الإعلام الإسلامي، المبادئ، النظرية، التطبيق .دار الفجر للنشر و التوزيع :القاهرة.

حجاب، د .(2010) .نظريات الاتصال .دار الفجر.

حسام .(2003) .المسؤليه الاجتماعيه للصحافة.

حسونة، ن .م .(2015) .نظريات الاعلام الاتصال. غزة :الجامعة الإسلامية -غزة.

حمزة، د (1962) .الاعلام تاريخه و مذاهبه .دار الفاء العربي.

حەسەن، ڕ .(1999) .ئەلفاوبێتای ڕۆژنامەگەری. سلێمانی :چاپكراوی گۆڤاری دیالۆك.

زيد، ف .أ(2004) الاعلام و السلطة .دار عالم الفجر.




Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper21

سالح، س ،(2012) اخلاقيات الاعلام .ط.3

صلوي، ا ع .(2018) .نظريات التأثير الإعلامية .الكاتب :الأكاديمية العربية في الدانمارك :جمع وتنسيق :أسامة بنمساعد المحيا.

عبد، أ ح .(2007) .نظريات الاعلام .القاهرة.

عبدالقادر، م .م. (1987) الاعلام و حرية المجتمع فى موكب التاريخ .نهضة الشرق.

عبداللطيف، ح .(1965) .الإعلام له تاريخ ومذاهب .,القاهرة :,دار الفكر العربي.,

عبدالله، د .(2006) .نظريات الاتصال .مكتبة نور.

عجيلات، ف ، (2012) المسؤولية لاجتيماعية فى العلاقة العامة فى شركة الاتصالات الاردنية، دراسة حالة :شركة الاتصالات الاردنيه .الاردنيه: رسالة الماجستير غير منشورة، كلية الاعلام -جامعه اشرق الاوسط.

فروانة، م .ن، (2018) اتجاهات الصحفيين الفلسطينيين نحو أخلاقيات الصحافة الاستقصائية -دراسة ميدانية .بغزه :الجامعه الاسلاميه بغزه.

هتشستر، ب .أ ، (1990) خمسة وثلاثون عاما على نظرية المسؤولية الاجتماعية، في :شمول، روبرت"محرر"مسؤوليات الصحافه، .عمان :مركز الكتب الأردني،.

همزة، د .(1992) .الاعلام و تاريخ و مذاهبة .دارالفاء العربى.

وليام، ر(١٩٧٥)، وسائل الأعلام والمجتمع الحديث .القاهر :دار المعرفة.

كلود، برتراند جان (٢٠٠٨) ديونتولوجيا الاعلام. بيروت: المؤسسة الجامعية للدراسات

الدين، محمد حسام، (٢٠٠٢)، المسؤولية الاجيتماعية للصحافة. القاهرة: الدار المصرية اللبنانية.

Andrew Belsey, & Ruth Chadeick,. Ethical Issues in Journalism and the Media. Routledge,1992.

Fenn, R. K. (,1978). *Toward a theory of secularization.* Society for the Scientific Study of Religion.

Fredrick S. Siebert, T. P. (,1956). *Four Theories of the press..* Urbana: University of Liiinois Perss.

Melisande Middleton.( 2009). Social Responsibility in the media. Londan :Uk: Oxford University,Center for International Media Ethics.

Quail, D. M. (,1987). Mass Commmunication Theory. London: An Introduction Seconed Edition.

## پەراوێز:

(*) ڕۆژنامەگەری زەرد لەسەر دەستی ( جوزیف پولیتزەر) سەریهەڵدا بەناوی (The New York Word)، كە گرنگی دەدا بە وێنەی و ڕوژێنەر و هەواڵی سەرنجراكێش كۆمەڵایەتی ساڵی ١٨٨٣ بە سەرەتای ڕۆژنامەگەری زەرد دادەنرێت، وەک ئاماژەیەک بۆ بڵاوكردنەوەی ڕۆژنامانەی كە ناوەڕۆكی وروژێنەر بەكاردەهێنن، چەمكی زەرد دەگەڕێتەوە بۆ كەسایەتیەكی كارتۆنی زەرد تایبەت بە ڕۆژنامەگە، كە لایەن وێنەكێشی و كاریكاتۆریستی باوبانگ (ڕیتشارد اوتكولد)ەوە كێشرابو، ساڵی ١٩٨٣ ڕۆژنامەی نیۆیۆرک ورد، توانی بۆ ڕۆژانی یەكشەمە، پاشكۆیەتی زەرد دەربكات، و لەو مێژووەوە دوای چەسپاندنی ناوی (The Yellow Kid) چەمكی ( Yellow Journalism ) جێگربو، ئێستاش وێنەی لە جیهان زۆرە.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper21**